# بۆ ئەنفال

لەو دەمەدا
کە هەوا پڕچەك کرابوو
هەوا کوڕی گەردەلوولی ئەو بیابانە
هەوا داردەستی پاشای لم لەو بیابانە
ڕۆحیٚ نەبوو لەنیٚو جەستەی مرۆڤیٚکدا
هەناسە باو
کوردیٚ نەبوو ڕۆحی هەبیٚ و

ژیان لە سوچی ئەمەلی وەختیٚکەوە
لیٚی بڕوانیٚ و
هەر کەسیش نا
باڵندەیەك نەما بۆوە
زمانی فڕین بزانیٚ و
گشت هیٚلانەکان سوتابوون ...!

لەو دەمەدا ڕۆحی ئاگرینی بەعس
ڕەشماڵی زامی وڵات بوو
لەو دەمەدا چنگی جەللادانی بەغدا
بەفری ڕەشی داخ لە دڵی
ئەفسانەکانی میٚژوو بوو
مانای بوونی دائەپۆشی ...!

ئەوان دڵنیام هەر ئەوان
خۆیان مامۆستای مێژوو بوون
لوتی بەرزی شۆفلەکانیان
قەڵە مجافی باخەڵی حیزبی قائید بوو ...!

لم مێژووی ئەنوسیەوە
لم کوردانی ئەسڕییەوە
لم باغی ئەکردە جامی
داغی دەستی منالانی وەك گوڵ بەری

لم پاشا بوو، بیابان دایکی
لم نەخۆشی، بیابان میکرۆبی سەردەستی
لەو دەمەدا
نەخشە سیس و نەخشە گێل و
نەخشە وەك داری دەسەڵات
پڕ لە فێڵ و پڕ لە تەونی جاڵجاڵۆکە
لەودەمەدا مانگی چواری ئەو عەیامە
ڕێگا بۆنی عارەقی زیلی گرتبوو
درەخت بۆنی بنباڵی چەك
شار بۆنی ژێر چەنەی سەرۆك

لەودەمەدا ...
مانگی چواری ئەو عەیامە
کە گورگی ناو ئەخلاقخانەی
بەردەرگای بەعسی بیابانیٚ
پە پولەی عاقڵی شار بوو
لەچاوی گێلە کوردەوە !
زەوی ژێری ئەم ئینسانە
هەڵمی خاوی دەبابەکانی عروبەی
لیٚ هەڵئەستا
دەرگا بۆنی لەتوپەتبوونی گرتبوو
لادیٚ بۆنی پۆستاڵەکانی قادسیە
ئەم وڵاتە دەمی ژەهری ئەنفالێکی لیٚ ئەچۆڕا
ئەنفال، هەڵگرتنی نەخشەی هەناسەدان
لەو عێراقەی ئێستە گشتمان بۆی ئەگریەین
ئەنفال برینی خلودی
سەر جەستەی مەخلوقاتی خوا
کوردانی خوا
بەدەستی شۆڕە سوارانی بیابان و
هەم ڕێیەرانی گوندو شار

ئەنفال بارانی دەستکردی ئاسنین و
دەمی گەورەی دێوی نیشتمانی عەرەب
ئەنفال سفرەی کۆکردنەوەی ئەو ڕۆحانەی
تەنیا تاوانیان ئەوە بوو کە مرۆڤن
کە کوردن و لەسەر پەڕەی گەڵا میٚویٚ
هەناسە بۆ ژیان ئەدەن ...!

ئەنفال ئەنفال

سوتانی ڕۆحی کەمانی باخچەیەکی ئەو گەرمیانە
بە ئاوازێکی غەریبی ژێر تایفۆنی لالّی بیابان !
هەر ڕۆژێ دێ و سوێی ئەنفالم بە ڕۆحا بێ
ئیتر دەبمە شۆڕشێکی تر لە ئاسمان
کە یەکە مجار جاشەکانی کورد ژێر پێ خا
کەیەکەم جار چرا کوردییەکانی بەعس !
لەژێر کلاشی شۆڕشا ژێر پێ بنێ
ئیتر دەبمە دەنگی ئاسمان
ئەو بەغدایە
بەکۆشك و شارو د یجلەوە نغرۆ بکەم ...!
هەر فرمێسکێکی گەرمیانم
شۆڕشێکی هەڵگرتووە
شەقامێکم لە کەرکوکا ئێستە ڕۆحێکم پێ ئەدا
تا ئەبەد ئامانج بەدەست بێ ...
تۆڵەی ئەنفال لە ئەنفالم گەورەترە
گەر ئێستاکە لە کوردستان
تۆڵەی ئەنفال
لەسەر گیرفان سەوز نەبوبێ
گەر ئێستاکە لە کوردستان
تۆڵەی هەزاران کوردی من
لەسەر تەوێلی سەرکردەم گیر نەبووبێ
گەر ئێستاکە لە کوردستان
تۆڵەی ونبوانی مێژووم
لەسەر نوکی قەڵەمی مەسئولان نەبێ
هەر ئێستاکە دەبێ لەسەر مێزی بەغا
مەرگی خۆمان بەیان بکەین

ئەنفال ئاوی
ژێر قاچی عودەی و قوسەی
یەکەم پلانی جامیعەی بەرزی عەرەب !
یەکەم کوشتنی بەبێ دەنگ

یەکەم هەڵبوونی جگەرەی
نێو پە نجەکانی لەهەبی دیجلە و فورت
یەکەم دوعای
لات و عوززاکانی بەغدا
یەکەم دیاری ڕۆحی ڕەشی زەمانی بەد

ئەنفال ...
یاری تاوڵەو شەترەنجی نێوانی
پادشاکانی سەدەی بیستەم
یەکەم سەوڵی نقومبوون و
یەکەم ژەهری کورد کوشتن و
یەکەم بەهاری هەڵوەرین
بە زمانی جەللادەکانی عروبە

کێ دەزانێ ؟
ئاخر ئێستا کوا کراس و مشکیەکەی ؟
کێ دەزانێ کوا ملوانکە و تەسبیحەکەی ؟
کێ دەزانێ کوا عانەکەی ؟
کێ دەزانێ کوا دوعاکەی ؟
بەردە نوێژ و
کوا مژین و مەمکە مژە بێ نازەکەی ؟

کێ دەزانێ کێن پاڵەوانانی ئەنفال ؟
کێن شۆفێری زیلەکان و
کێن بزەکانی ناو دەمی نوگرە سەلمان ؟
کێن جەربەزەکانی بیابان ؟
کێ دەزانێ کێ نازانێ !!؟

مەگەر بۆ خۆی هەر قیامەت پێ بزانێ ...!!